euaa
EUROPEAN UNION AGENCY FOR ASYLUM

Bundesamt für Migration und Flüchtlinge

کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا

# ئەوەی پێویستە لەبارەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ پەنابەرێتی بیزانیت

زانیاری بۆ منداڵانی بێهاوەڵ




سڵاو، ئێمە منداڵین و لە وڵاتی جیاوازەوە هاتووین. ئێمە ڕێگایەکی درێژمان بڕیوە بەر لەوەی بگەینە ئەڵمانیا بۆ داواکردنی پارێزگاری. ئێمە بەتەنها گەیشتووینە ئێرە، بەبێ باوک و دایکمان.
سڵاو. من ناوم لیسایە. من ئەوەتان بۆ ڕوون دەکەمەوە کە پێویستە لەبارەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ پەنابەرێتی (کە پێشی دەوترێت پارێزبەندیی نێودەوڵەتی بیزانن)



# پارێزبەندیی نێودەوڵەتی چییە؟





ئەگەر کەسێک نەتوانێت بگەڕێتەوە وڵاتی دایکی خۆی بەهۆی ئەوەی کە لەوێ ژیانی لە مەترسیدا بێت، ئەوا دەتوانێت پارێزبەندیی نێودەوڵەتی وەربگرێت و بەسەلامەتی لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە کە ئەم پارێزبەندییەیان پێداوە.

سەرپەرشت مکەت زیاترت بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کێ دەتوانێت پارێزبەندیی نێودەوڵەتی وەربگرێت و ڕێوشوێنەکان چین.

لە ئەورووپا، پارێزبەندیی نێودەوڵەتی هەروەها پێشی دەوترێت پەنابەرێتی دۆخی پەنابەر یان پارێزگاریی لاوەکی. ڕەنگە تۆ پێشتر وشەی پەنابەرێتیت بیستبێت. من وشەی پەنابەرێتی بەکاردێنم لەکاتی قسەکردن لەبارەی پارێزبەندیی نێودەوڵەتی چونکە ئەمە بەبیرهێنانەوەی بۆ تۆ ئاسانترە.

## بیرت بێت، تۆ ئێستا سەلامەتیت.


هەمووان لە ئەورووپا بەیەکسانی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت بێگوێدانە ئەوەی خەڵکی کوێن، ئایین یان ڕەنگی پێستیان چییە.





لە ئەوروپا، هەموو کەسانی بچووکتر لە 18 ساڵ بە منداڵ هەژمار دەکرێن.

وەک منداڵێک تۆ مافگەلێکی تایبەتت هەن. سەلامەتی و ساغیی تۆ زۆر گرنگە.



تۆ چاوت بە بەرپرسی جیاواز دەکەوێت، وەکوو ستافی دامودەزگاکانی پەنابەرێتی، وەک ئەوەی لێرە نیشان دراوە. ئەوان پرسیار لەبارەی تۆ و گەشتەکەت بۆ ئەوروپا دەکەن.

بیرت بێت، بەرپرسەکان لێرەن تا تۆ بپارێزن و باشترین بڕیار بۆ تۆ بدەن.

تۆ هەمیشە دەتوانیت ئەوە لەگەڵ بەرپرسەکان هاوبەش بکەیت کە بیری لێدەکەیتەوە، ئەوەی پێویستت پێیەتی و هەست بە چی دەکەیت.



# سەرپەرشت کێیە؟





لەبەرئەوەی تۆ بەبێ باوک و دایکت هاتوویتە ئێرە، دامودەزگاکان کەسێکی گەورەساڵت بۆ تەرخان دەکەن پێی دەوترێت سەرپەرشت کە پاڵپشتی تۆ دەکات.

سەرپەرشت کەسێکە کە یارمەتی ئەو منداڵانە دەدات کە بەبێ باوک و دایک یان کەسێکی گەورەتر کە بەرپرسیاریان بێت گەیشتوونەتە ئەورووپا.



سەرپەرشت دەکرێ پیاو یان ئافرەت بێت.
سەرپەرشتەکان دەکرێ بە نوێنەریش بانگ بکرێن.
کارمەندانی خزمەتگوزارییەکانی لاوان دەتوانن وەک سەرپەرشتیار کار بکەن.
ئەگەر تۆ هێشتا چاوت بە سەرپەرشتەکەت نەکەوتووە، ئەوا بەزووترین کات چاوت پێی دەکەوێت.
هەندێکجار، دامودەزگاکان سەرەتا سەرپەرشتێکی کاتیت بۆ تەرخان دەکەن تاکو پاڵپشتیت بکات تا ئەو کاتەی چاوت بە سەرپەرشتە هەمیشەییەکەت دەکەوێت.


سەرپەرشت ئامادەیە بۆ ڕوونکردنەوەی هەموو شتێک کە تۆ پێویستە لەبارەی مانەوەت بیزانیت و بۆ یارمەتیدانت لە بڕیاردانی گرنگدا. بۆ نموونە، سەرپەرشت لە داوانامەی پەنابەرێتیت یارمەتیت دەدات، ڕێوشوێنەکانت بۆ ڕوون دەکاتەوە، مافەکان و بەرپرسیارێتییەکانت بۆ ڕوون دەکاتەوە و لە کۆبوونەوە لەگەڵ دامودەزگاکان لەگەڵت بەشدار دەبێت.

تۆ هەمیشە بۆچوونی خۆت بە سەرپەرشتەکە بڵێ، پرسیاری لێبکە و ئەگەر هەر شتێکت پێویست بوو پێی بڵێ. ئەوان بۆ پاڵپشتیکردنی تۆ لەوێن.





ئەگەر لەگەڵ سەرپەرشتەکەت کێشەت هەبوو، ئەمە بە بەرپرسەکانی فەرمانگەی لاوان یان فەرمانگەی پەنابەرێتی بڵێ. ئەمە کاریگەری نەرێنی لەسەر داوانامەی پەنابەرێتیت نییە.





# لە ماوەی ڕێوشوێنەکەدا چ یارمەتییەک پێشکەش دەکرێت؟



شوێنێکی سەلامەت
بۆ مانەوە/



جلوبەرگ



شتی تر کە ڕەنگە
پێویستت پێ بن/



خواردن



تۆ دەتوانیت بۆ لای
پزیشک بچیت



تۆ دەتوانیت بچیتە
قوتابخانە/



تۆ لە شوێنێک دەژیت کە بۆ تۆ گونجاوە و ئەو یارمەتییە وەردەگریت
کە پێویستتە بەگوێرەی تەمەنت

# من داوای پەنابەرێتیم کردووە، ئێستا چی ڕوودەدات؟






**سەرەتا، داوانامەکەت مەرجە تۆمار کرابێت و پێشکەش کرابێت.**

داواکارییەکەت لە هەمان ڕۆژدا تۆمار دەکرێت و پێشکەش دەکرێت، پاش داواکاری پەنابەری.

سەرپەرشتەکەت / سەرپەرشتە کاتییەکەت / ئەو گەورەساڵانەی کە لەو شوێنە ئیش دەکەن کە تۆ لێی دەژیت زانیاریت پێدەدەن لەبارەی ڕۆژ / ڕۆژ و کات / کاتەکان و سەرپەرشتەکەت هاوەڵی تۆ دەکات بۆ دامودەزگاکان.

سەرپەرشتەکەت لەماوەی ڕێوشوێنەکەدا لەگەڵ تۆ دەبێت.

# لەکاتی تۆمارکردن و پێشکەشکردن ئەمانە ڕوودەدەن...







تۆ هەموو بەڵگەنامەکانی پێناس کە لاتن (پاسپۆرت، کارتی ناسنامە، هتد نیشانی بەرپرسەکان دەدەیت.)

دەکرێ کە پشکنین بۆ تۆ و کەلوپەلە کەسییەکانت بکرێت. دامودەزگاکان ڕەنگە کەلوپەلەکانت بۆ ماوەیەک هەڵبگرن، بەڵام هەموو شتێک بۆ دەگەڕێننەوە، جگە لەو کەلوپەلەکانەی کە مەترسیدارن.





تۆ وێنەت دەگیرێت.

پەنجەمۆرەکانت وەردەگیرێن.



تۆ ڕەنگە پزیشک ببینیت



- بەرپرسێک پرسیار لەبارەی تۆ و خێزانەکەت لە ئەورووپا دەکات
- زانیاریی زیاتر کۆ دەکرێتەوە: [سەبارەت بە سەربەخۆیی ئایینی یاخود نەتەوەیی ئێوە، ئەو زمانانەی کە پێیان قسە دەکەن یاخود لێیان تێدەگەن، و ئەو قوتابخانانەی کە لێی خوێندووتانە.]



بەرپرسێک داوات لێدەکات کە وردەکارییەکانی پەیوەندیی خۆت (ناونیشان و ژمارە تەلەفۆن) پێشکەش بکەیت.

تۆ پرسیاری زیاترت لێدەکرێت لەبارەی:

- تۆ و خێزانەکەت
- ئەو وڵات و شوێنانەی پێشتر لێیان ژیاویت
- بۆچی تۆ وڵاتی خۆتت جێهێشتووە و بۆچی ناتەوێت بگەڕێیتەوە
- تۆ چۆن گەشتت کرد بۆ ئەڵمانیا







## بیرت بێت!

زۆر گرنگە کە لەگەڵ سەرپەرشتەکەت قسە بکەیت و بەیەکەوە لەگەڵ دامودەزگاکانی پەنابەرێتی کار بکەن.



ئەوەی کە بۆ سەرپەرشتەکەت یان بەرپرسەکان باسی دەکەیت بە **نهێنی** دەمێنێتەوە. ئەمە واتە ئەو زانیارییەی کە تۆ پێشکەشیان دەکەیت هەرگیز لەگەڵ حکومەتی وڵاتی دایکی تۆ یان هیچ کەسێک کە تۆ لێیان دەترسیت هاوبەش ناکرێت.




## ئایا من لە ماوەی ڕێوشوێنی پەنابەریێتی لە ئەڵمانیا دەمێنمەوە؟



دوای تۆمارکردن، دامودەزگاکان بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە کام وڵات لە پشکنینی داوانامەکەت بەرپرسیارە. ئەمە دەکرێ [ئەڵمانیا] یان وڵاتێکی تری ئەوروپی بێت. تۆ ناتوانیت وڵاتەکە هەڵبژێریت، بەڵام باشترین بەرژەوەندییەکانی تۆ لەبەرچاو دەگیرێن. دامودەزگاکان ئەمە بۆ تۆ ڕوون دەکەنەوە.

**ئەڵمانیا**

**وڵاتێکی ئەوروپیی تر**





گرنگە کە تۆ لەماوەی تۆمارکردنەکەدا ئەمانە بە دامودەزگاکان بڵێیت:

- ئاخۆ تۆ لە وڵاتێکی تری ئەوروپی خێزانت هەیە
- ئاخۆ تۆ لە وڵاتێکی تری ئەوروپی پێشتر داوای پەنابەرێتیت کردووە.

ئاخۆ تۆ لە ئەوروپا خێزانت هەیە، گرنگە کە هەموو شتێک کە لەبارەی خێزانەکەت دەیزانیت بە بەرپرسەکانی بڵێیت. ئەوە دەکرێ کە تۆ لەگەڵیان بمێنیتەوە جا لەم وڵاتە بێت یان لەو وڵاتەدا کە ئەوان تێیدا دەژین.

ئەگەر تۆ نازانیت خێزانەکەت لەکوێن، یان ئەگەر پەیوەندیت لەگەڵیان نەماوە، ئەوا دەتوانیت داوا لە سەرپەرشتەکەت / بەرپرسەکان بکەیت بۆ یارمەتی بۆ دۆزینەوەی خێزانەکەت.





# دوای تۆمارکردن و پێشکەشکردنی داوانامە چی ڕوودەدات؟



دوای تۆمارکردن، تۆ بەڵگەنامەیەکی )کات (وەردەگریت کە تێیدا باسی ئەوە دەکات کە داوانامەکەت ئەنجام دراوە و تۆمارکراوە.

هەرکە تۆ داوانامەکەت پێشکەشت کرد ، ئەوا بەڵگەنامەیەکت پێدەدرێت کە تێیدا باسی ئەوە دەکات کە تۆ داوای پەنابەرێتیت کردووە. ئەم بەڵگەنامەیە گرنگە بۆیەش بەباشی ئاگاداری بە. هەرکاتێک کە ئەو شوێنەت جێهێشت کە لێی دەمێنیتەوە یان کاتێک کە کۆبوونەوەت لەگەڵ دامودەزگاکان هەیە لەگەڵ خۆتی ببە.





# چۆن بەرپرسەکان تەمەنی من دەزانن؟



ئەگەر تۆ بەڵگەنامەکانی سەلماندنی تەمەنی خۆتت پێنەبێت و ئەگەر دامودەزگاکان گومانیان لە تەمەنی تۆ هەبێت، ستافی دامودەزگاکانی پەنابەرێتی دەتوانن داوات لێبکەن کە بە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی تەمەندا تێپەڕیت. ئەمە پیادەکردنێکە کە یارمەتیی خەمڵاندنی تەمەنت دەدات.

ڕێگای جیاواز بۆ خەمڵاندنی تەمەنی تۆ هەن.

بۆ نموونە، ڕەنگە بەپێی ئەو بەڵگەنامانە بێت کە پێشکەشت کردوون یان چاوپێکەوتنەکانت لەگەڵ بەرپرسەکان یان پسپۆڕی جیاواز. ئەگەر گومانی زیاتر هەبوو، ئەوا ڕەنگە داوات لێبکرێت کە پشکنینی پزیشکی ئەنجام بدەیت. لەم حاڵەتەدا، تۆ و سەرپەرشتەکەت داواتان لێدەکرێت کە ڕەزامەندی بدەن.

ئەگەر هەڵسەنگاندنی تەمەن بەوە گەیشت کە تۆ لە 18 ساڵ گەورەتریت، ئەوا تۆ بە گەورەساڵ هەژمار دەکرێیت. لەم حاڵەتەدا، تۆ زانیاریی زیاترت پێدەگات.



ئەگەر دامودەزگاکان بەرهەستی ئەوەیان هەبوو کە کەسێک ئازاری تۆی داوە، ئەوا ئەوان پێشنیارت بۆ دەکەن کە پزیشک ببینیت.

ئەنجامەکانی پشکنینە پزیشکییەکە لەکاتی پشکنینی داوانامەکەت لەبەرچاو دەگیرێن.





**دوای ئەوەی کە داوانامەکەت تۆمار کرا، تۆ ڕەنگە یەک چاوپێکەوتنی کەسی یان زیاتر هەبێت.**

ئەمە واتە ئەفسەرێک پرسیاری زیاتر لەبارەی تۆوە دەکات، بۆچی وڵاتی خۆتت جێهێشتووە و بۆچی ناتەوێت بگەڕێیتەوە. ئەگەر دامودەزگاکان پرسیارت لێبکەن کە لە چاوپێکەوتنێکدا بەشداری بکەیت، ئەوا دەبێت ئامادە بیت و هەموو ئەو شتانەی کە دەتوانی بیرت بێتەوە بۆیان باس بکەیت. چاوپێکەوتنە کەسییەکە بە دەنگ تۆمار دەکرێت.

سەرپەرشتەکەت کات و شوێنی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکەت پێدەڵێت و لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا پاڵپشتیت دەکات.





# ئەی ئەگەر لە زمانی بەرپرسەکان تێنەگەم چی بکەم؟



ئەگەر تۆ لە زمانی بەرپرسەکان تێنەگەیت وەرگێڕێکی زارەکی کە بە زمانی تۆ قسە دەکات بۆ تێگەیشتن یارمەتیت دەدات.

وەرگێڕی زارەکی جگە لە وەرگێڕانی ئەوەی دەوترێت هیچ ڕۆڵێکی تر لە دۆسیەکەتدا نییە. ئەوەی کە بۆ ئەفسەری دۆسیە و وەرگێڕەکە باسی دەکەیت بە نهێنی دەمێنێتەوە.

بەگوێرەی ئەوەی کە تۆ چۆن زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، تۆ دەتوانیت داوا بکەیت کە چاوپێکەوتنکەر یان وەرگێڕەکەت بکەیت ئافرەت یان پیاو بێت. ئەوان دابین دەکرێن ئەگەر بەردەست بن. بە زووترین کات و بەرلە چاوپێکەوتنەکە بە سەرپەرشتەکەت بڵێ ئاخۆ تۆ پێت باشە ئافرەت بێت یان پیاو.






## هەموو ئەمە چەند دەخایەنێت؟



دوای چاوپێکەوتن، هەموو ئەو شتانەی کە ڕوونت کردووەتەوە لێکۆڵینەوەی لێدەکرێت.

لە ڕۆژی پێشکەشکردنی داوانامەوە، تۆ لەوانەیە پێویست بکات تاکو **6 مانگ** چاوەڕێ بکەیت تا ئەوەی بڕیارەکەت پێدەگات. هەندێکجار، ئەمە دەکرێ زیاتر بێت، بەڵام نابێ لە **21 مانگ** زیاتر بخایەنێت. چاوەڕێکرد دەکرێ قورس بێت بەڵام ئارام بگرە. دامودەزگاکان دەیانەوێت بڕیارە دروستەکە بۆ تۆ بدەن.

تۆ هەمیشە دەتوانیت پرسیار لە سەرپەرشتەکەت بکەیت ئەگەر پێویستیت بە یارمەتی هەبوو لە بەڕێکردنی چاوەڕوانییەکەدا.



**هاوڕێیەک وتی کە فەرمانگەکان پێداچوونەوە بە داوانامەی پەنابەرێتییەکەیدا ناکەن. ئەمە لەبەر چی؟**





فەرمانگەکان سەرەتا سەیری ئەوە دەکەن ئاخۆ ئەوان پێویست دەکات داوانامەی پەنابەرێتی بپشکنن یاخود نا.

دامودەزگاکان ڕەنگە داوانامەکەت بەتەواوی نەپشکنن ئەگەر تۆ پێشتر لە وڵاتێکی تر پارێزبەندیت وەرگرتبێت یان ئەگەر تۆ لە وڵاتێکەوە هاتبیت کە ئەوان بە سەلامەت هەژماری دەکەن.



# من چ بڕیارێکم پێدەگات؟



دامودەزگاکانی پەنابەرێتی بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن ئاخۆ تۆ پێویستت بە پەنابەرێتی هەیە یان ئاخۆ بژاردەی تر بۆ تۆ هەیە یان نا.

بڕیارەکە بۆ تۆ ڕوون دەکرێتەوە.



ئەگەر تۆ بڕیارێکی نەرێنیت وەرگرت و ئەگەر تۆ یان سەرپەرشتەکەت هاوڕای نەبوون، ئەوا تۆ دەتوانیت بڕیارەکە ببەیتە دادگا و بەرهەڵستی بکەیت. ئەمە پێی دەوترێت تانەدان.







# من چۆن دەتوانم زانیاریی زیاتر لەبارەی ڕێوشوێنی پەنابەرێتی وەرگرم؟





سەرەڕای سەرپەرشتەکەت، ڕاوێژکاری یاساییش هەیە کە دەتوانێت ڕێوشوێنی پەنابەرێتی، مافەکان و بەرپرسیارێتییەکانت بۆ تۆ ڕوون بکاتەوە.

لە سەرپەرشتەکەت بپرسە کە چۆن پەیوەندییان پێوە بکەیت.



ئەگەر تۆ دەتەوێت پارێزەرێک یارمەتیت بدات، لەگەڵ سەرپەرشتەک ەت یان بەرپرسێکی تر قسە بکە.



## پارێزەر، بەیەکەوە لەگەڵ سەرپەرشتەکەت، دەتوانن یارمەتیت بدەن بۆ:



خۆئامادەکردن بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ دامودەزگاکان.



قسەکردن لەگەڵ بەرپرسانی پەنابەرێتی.



تێگەیشتن لە بڕیاری سەر داوانامەی پەنابەرێتیت و تانەدان، ئەگەر تۆ یان سەرپەرشتەکەت بە بڕیارەکە ڕازی نەبوون.

تۆ دەشکرێ لە هەرکاتێکدا لەماوەی ڕێوشوێنی پەنابەرێتییەکەتدا پەیوەندی بە UNHCR بکەیت.

UNHCR پاڵپشتیت دەکات و پەناخوازان و پەنابەران دەپارێزێت.

ئەو کەسانەی کە کار بۆ UNHCR دەکەن زانیاری و یارمەتی بۆ پەناخوازان دەدەن.

تۆ دەتوانیت زانیاری زیاتر بەدەست بێنی لە https://help.unhcr.org/





UNHCR
The UN Refugee Agency



# من چۆن یارمەتی وەربگرم ئەگەر ناساغ بم یان ئەگەر زۆر نیگەران بم؟



بە سەرپەرشتەکەت، بەرپرسێک یان ئەو کارمەندانە بڵێ کە لەو شوێنە کار دەکەن کە تۆ لێی دەژیت ئەگەر:



کەسێک ئازارت دەدات

هەست بە دڵتەنگی، توورەیی، ترسان دەکەیت یان بە سەختی خەوت لێدەکەوێت

هەر کێشەیەکی ترت هەیە وەکوو کەمئەندامێتی یان نەخۆشی یان ئەگەر دووگیانیت

لەم حاڵەتانەدا، تۆ یارمەتی وەردەگریت



# ئایا من هیچ بەرپرسیارێتییەکم هەیە؟

## بەڵێ



**تۆ دەبێت شوێن یاسا و ڕێساکانی ئەم وڵاتە بکەویت.**

ئەگەر گومانت لەبارەی یاسا یان ڕێساکان هەبوو، ئەوا لە سەرپەرشتەکەت بپرسە.

**تۆ دەبێت لەو شوێنە بمێنیتەوە کە سەرپەرشتەکەت پێی وتویت لێی بمێنیتەوە.**

دامودەزگاکان شوێنێک بۆ تۆ هەڵدەبژێرن. لە ڕامەکە یان جێیمەهێڵە بەبێ مۆڵەتی دامودەزگاکان.




**تۆ دەبێت لەگەڵ بەرپرسەکان بەیەکەوە کار بکەیت.**

کە داواکرا، تۆ دەبێت وەڵامی پرسیارەکانیان بدەیتەوە و شوێن ڕێنماییەکانیان بکەیت.





**ڕاستگۆ بە و هەموو ئەو شتانەی کە دەیزانیت بۆ دامودەزگاکانی باس بکە کاتێک کە ئەوان پرسیارت لێدەکەن.**

ئەوەی کە دەیڵێییت بۆ داوانامەکەت زۆر گرنگە.

تۆ لەوانەیە هەموو شتێک بیر نەبێت و ڕەنگە نەتوانیت وڵامی هەموو پرسیارەکان بدەیتەوە. ئەگەر بیرت نەبوو، وڵام لە خۆتەوە دروست مەکە، بەڵکو ئەوە ڕوون بکەوە کە بیرت نایەت.

**تۆ دەبێت لە هەموو مەوعیدەکان لەگەڵ دامودەزگاکان ئامادە بیت.**

ئەم مەوعیدانە زۆر گرنگن. تۆ دەبێت لەو ڕۆژ و کاتەی دیاریکراوە ئامادە بیت.







**تۆ دەبێت وردەکاریی پەیوەندیی دروست پێشکەش بکەیت.**

بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی تۆ هەموو زانیاری و مەوعیدەکانت پێدەگات، تۆ دەبێت ناونیشان یان ژمارە تەلەفۆن بە دامودەزگاکان بدەیت. سەرپەرشتەکەت هەروەها ئەم زانیارییانەی پێدەگات و دەتوانێت مەوعیدەکانت بیر بخاتەوە. ئەگەر وردەکاریی پەیوەندیکردنی تۆ گۆڕا، ئەوا ئەمە بە سەرپەرشتەکەت و ستافی دامودەزگای پەنابەرێتی بڵێ. گرنگە کە ئەوان پەیوەندییان لەگەڵ تۆ هەبێت.

**تۆ دەبێت هەموو ئەو بەڵگەنامانەی لاتن بدەیتە دامودەزگاکان.**

هەموو ئەو بەڵگەنامانەیان پێبدە کە لاتن و پەیوەندییان بە تۆ و ئەو هۆکارانەوە هەیە کە بەهۆیانەوە وڵاتی خۆتت جێهێشتووە. ئەمە بەڵگەنامەکانی پێناس (پاسپۆرت)، بڕوانامەی لەدایکبوون یان قوتابخانە، بەڵگەنامەی پزیشکی یان بەڵگەنامەی تر دەگرێتەوە.

تۆ پێویستە هەموو زانیاری و بەڵگەنامەکان بە زووترین کات پێشکەش بکەیت.

ئەگەر تۆ ئێستا بەڵگەنامەکانت لانەبوو، ئەوا دەتوانیت دواتر پێشکەشیان بکەیت. لەگەڵ سەرپەرشتەکەت قسە بکە. سەرپەرشتەکەت ڕەنگە بتوانێت لە دەستکەوتنی ئەو بەڵگەنامانە یارمەتیت بدات و لەکاتی خۆیدا لەگەڵ دامودەزگاکان هاوبەشیان بکات.

**ئەگەر تۆ ناتوانیت بەرپرسیارێتییەکانت بەجێ بگەیەنیت، ئەوا دەستبەجێ قسە لەگەڵ سەرپەرشتەکەت یان ستافی نووسینگەی پەنابەری بکە و هۆکارەکەیان بۆ ڕوون بکەوە.**







# چی ڕوودەدات ئەگەر من بەرپرسیارێتییەکانم بەجێ نەگەیەنم؟

ئەگەر تۆ بەرپرسیارێتییەکانت بەجێ نەگەیەنیت، ئەوا ڕەنگە کاریگەری نەرێنی لەسەر داوانامەکەت هەبێت.


تۆ ڕەنگە هەندێک لە ماف و خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتی کە ڕوونمکردنەوە لەدەست بدەیت.



**ڕێوشوێنی پەنابەرێتیم ڕەنگە ڕابگیرێت یان ڕەت بکرێتەوە ئەگەر بەرپرسیارێتییەکانم بەجێ نەگەیەنم، بۆ نموونە ئەگەر:**

- وڵامی پرسیاری دامودەزگاکان نەدەیتەوە، یان
- ڕێگەیان پێنەدەیت کە پەنجەمۆرەکانت وەربگرن، یان
- بەبێ مۆڵەت ئەو شوێنە جێبهێڵیت کە تێیدا دەمێنیتەوە.

لەم حاڵەتانەدا، دامودەزگاکان وای دادەنێن کە تۆ لەبارەی داوانامەکەت جدی نیت. تۆ چیتر داواکار نامێنیت و هەموو پاڵپشتییە دابینکراوەکان لەدەست دەدەیت.







ئەگەر ڕاستی لەبارەی خۆت و
چیرۆکەکەت بە دامودەزگاکان نەڵێیت
یان ئەگەر زانیاریی گرنگ بشاریتەوە
یان بەئەنقەست بەڵگەنامەکانت لەناو
ببەیت، داوانامەکەت ڕەنگە ڕەت
بکرێتەوە و لەوانەیە پەنابەرێتیت
پێنەدرێت.

ئەگەر دامودەزگاکان دواتر بۆیان
دەرکەوت کە تۆ لەکاتی ڕێوشوێنی
پەنابەرێتیدا ڕاستیت نەوتووە، ئەوا
لەوانەیە پەنابەرێتیت لێبسەنرێتەوە.



من گرنگترین شتەکانم بۆ ڕوون کردیتەوە کە پێویستە
بیانزانیت. سەرپەرشتەکەت و دامودەزگاکان ڕوونکردنەوە
زیاتر لەکاتی ڕێوشوێنی پەنابەرێتی پێدەدەن.



**بیرت بێت!**

**داواکردنی پەنابەرێتی بێبەرامبەرە**









# وریا بە

وریا بە لەو کەسانەی کە یارمەتی بەرامبەر چاکەیەک یان پارە پێشکەش دەکەن. ئەوان ڕەنگە نیازی خراپیان هەبێت.




کەسێک ڕەنگە هانت بدات کە هەوڵی جێهێشتن بدەیت. بەڵام بیرت بێت کە تۆ نابێت بڕۆیت، چونکە ئەمە لەوانەیە بۆ تۆ مەترسیدار بێت.





دەستبەجێ بە سەرپەرشتەکەت، یان ئەو گەورەساڵانە بڵێ کە لەو شوێنە ئیش دەکەن کە تۆ لێی دەمێنیتەوە، ئەگەر کەسێک هەوڵ بدات کە قەناعەتت پێبکات شتێک بکەیت کە ناتەوێت یان شتەکە دیار بوو کە هەڵەیە.





## چی دەبێت ئەگەر من بمەوێت بگەڕێمەوە بۆ وڵاتی دایکی خۆم و واز لە داوانامەکەم بێنم، دەبێت چی بکەم؟



ئەگەر بتەوێت بۆ وڵاتی دایکی خۆت بگەڕێیتەوە و واز لە داوانامەکەت بهێنیت، ئەوا ئەمە بە سەرپەرشتەکەت و دامودەزگاکان بڵێ. ئەوان دەتوانن بۆ گەڕانەوە بەسەلامەتی یارمەتیت بدەن.



**ئەگەر پرسیاری زیاترت هەبوو لەبارەی ئەوەی کە تازە ڕوونمکردەوە، پرسیار لە سەرپەرشتەکەت، بەرپرسەکان یان ئەو ستافە بکە کە لەو شوێنە ئیش دەکەن کە تۆ لێی دەمێنیتەوە.**



ئەم بڕۆشەرە تەنها بۆ مەبەستی زانیارییە. خۆی لە خۆیدا هیچ ماف یان بەرپرسیارێتییەک نابەخشێت. ئاژانسی یەکێتیی ئەورووپا بۆ پەنابەری (EUAA) ناوەڕۆکی سەرەکیی ئەم نووسراوەی دابین کردووە، و بەرهەمهێنانەوە یان دەستکاریکردنی ئەم بڕۆشەرە لەلایەن EUAA تەنها بۆ وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا ڕێپێدراوە. EUAA هیچ بەرپرسیارێتییەک یان گرتنەئەستۆیەک ناگرێتە ئەستۆ پەیوەست بە وردێتی، ناوەڕۆک، تەواوێتی، یاسایی بوون یان جێمتمانەیی ئەو زانیارییەی کە لەلایەن وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا یان هەر لایەنێکی سێیەمی بەرپرسی تر خراوەتە ناو ئەم بڕۆشەرەوە. نە EUAA و نە هیچ کەسێک کە لەبری EUAA مامەڵە دەکات بەرپرسیار نین لەو بەکارهێنانەی کە بۆ زانیاریی ناو ئەم بڕۆشەرە ئەنجام دەدرێن.

© ئاژانسی یەکێتیی ئەورووپا بۆ پەنابەری، 2025